پەیوەندی ئایین و سیاسەت یەکێکە لە پەیوەندیە ئالۆز و ئیشکال ئامێزەکانی کۆمەلگە و مێژووی ئینسان.
بۆ قسەکردن لەسەر ئەو تەوەرەیە ، ئاسۆی ئایین گفتوگۆیەکی لەگەل ئازاد قەزاز سازکرد .

سازدانی دیدار: عەبدولا ڕێشاوی

ئەم دیدارە لەپاشکۆی ڕۆژنامەی ئاسۆ دا بە دوو بەش لە ژمارە 335 و 341 بلاوکراوەتەوە

## 1- سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئاین وسیاسەت، ئایا ئەم دودەسەلاٚتە تاچەند پێویستە لەیەکتر نزیکببنەوە وتاچەند پێویستە لە یەکدی دوربخرێنەوە ، چۆن دەتوانین شکلی ئەم پەیوەندیە ڕێک بخەین بەشێوەیەک کە لە بەرژەوەندی کۆمەلاٚگە دا تەواو ببێت ؟

ئاین و سیاسەت وەک دوو دیاردەی هەلقولاوی کاراکتەری مرۆڤ جیایە لە ئاین و سیاسەت وەک دوو دەسەلات. لەوەتی مرۆڤ وەک کائینێکی سەرەتایی هەیە، ئاین و سیاسەتیش وەک دوو دیاردەی سەرەتایی ئامادەن لە ناو کۆمەلگادا. لەکەیەوە ئەم دوو دەسەلاتە تێکەل بەیەکتر بوون و یەکدی بەکاردێنن ئەوەیان کارێکی ئاسان نیە بزانرێت. لەگەل ئالۆز بوونی ژیانی مرۆڤ و بەرز بوونەوەی ئاستی هوشیاری، ئەم دوودیاردەیەش ئالۆزتر دەبن و ڕەنگ و ڕووخسارەکانیان دەگۆردرێت. دەشێ تێکەل کردنی ئەم دوو دەسەلاتە لە سەرەتادا هەر پێشی نەزانرابێت و ڕەنگە هێندە زیان بەخشیش نەبووبێ. لەگەل هوشیاربوونەوەی مرۆڤ و دەرکەوتنی زیانەکانی تێکەلکردنی ئەم دوو دەسەلاتەیە وای کردووە لەوە تێبگەن کە دەبێ ئەم دوو دەسەلاتە لەیەکدی جیاببنەوە.

ئایین و سیاسەت وەک دوو دیاردەی پێویستی مرۆڤ لەیەکدی جیاناکرێنەوە. ئەم دوودیاردەیە وەک دوو سیفاتی لکاو بە مرۆڤەوە وەک زۆر دیاردەی تری مرۆڤ ناکرێت لە یەکتری جیابکرێنەوە، چونکە ئەو کات مرۆڤێک لەت و پەت دەکرێت. هەروەک چۆن ئەندامەکانی لەشی مرۆڤێک لێک هەلوەشێنێت بەهەرناوێکەوە بێت گونجاو نییە، ئەمەش هەروایە. دەکرێ کەسێک سیاسی بێت و دینداریش بێت، هەروەک چۆن سیاسیەک بێت و هونەرمەندێکیش بێت. هەروەک چۆن ناتوانین بلێین دەبێ سیاسەت و هونەر لەیەکدی جیابکەینەوە، هەرواش ناتوانین بلێین دەبێ سیاسەت و ئایینیش لە یەکدی جیابکەینەوە. خودی سیاسەت خۆی هونەری بەڕێوەبردن و ڕێکخستن و مامەلەکردنی تاک و کۆمەلە لەتەک یەکدیدا لەسەر بنەمای چەند یاساو ڕێسایەک کە دەبێت دەسەلاتێک چاودێریان بکات. ئاینیش هونەرێکی تری ژیانە کە جگە لەو ڕەهەندە ڕۆحیەی هەلیگرتووە، لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و مامەلەکردنی مرۆڤەکان لەگەل یەکدی دانابڕێت. ئایین جگە لەو پارادایمەی کە بەبوونی دەبەخشێت، پەیامێکی ئەخلاقیش لە گەل خۆیدا دەهێنێت. لەیەک کاتدا ئەم دوو هونەرە واتە هونەری سیاسەت و هونەری ئاین لە ناو مرۆڤگەلدا ئامادەییان هەیە و کاران. چۆن دەتوانرێ ئەم دوو هونەرە لە یەکدی دابپرێن!! کێ دەتوانێ بە مەهاماتا گاندێ بلێت کەسێکی سیاسی نیە و لە هەمان کاتدا هونەرمەندێکی کارامەش بوو لە رووی ئەخلاقی و خۆشەویستی بۆ مرۆڤایەتی . کە لێشیان پرسی ئایینی تۆ چییە، لەوەلامدا وتی من هیندوسیم، بوزیم، موسلمانم، یەهودیم و مەسیحیشم. لەو مرۆڤەدا لەیەک کاتدا هەردوو هونەری سیاسەت و هونەری ئاین کاری دەکرد.

کەواتە کام ئاین و سیاسەتەیە دەبێت لە یەکدی جیا بکرێنەوە؟

ئەو کاتەیە کە ئایین دەبێتە ئایدیۆلۆژیایەک و دەسەلاتی سیاسی دەخاتە خزمەتی خۆیەوە. واتە خودی ئاین وەک مەعریفە، ڕەوشت و تقوس خەتابار نیە. ئەو کاتەی ئایین دەبێتە ئەو ئایدیۆلۆژیایەی بە ناوی

حەقیقەتێکی ڕەهاوە دەدوێ، ئەو کاتەی دەبێتە ئەو ڕێبازەی کە نەنها لەو دەروازەیەوە بەهەشت مسۆگەر دەکرێت، ئەو کاتەی ئەو زەنگە لێدەدا کە هەموو ئاین و ڕێبازەکانی تر باتل و پووچن و هەر ئەوە ڕێگای ڕزگاری، ئەو کاتەی بە دوای بیانوو و حیکمەتدا دەگەڕێت تا ئەوە بسەلمێنێت کە یاساو ڕێساکانی ئەو ئایینە تەواو و موتەکامل و نەگۆرن و مرۆڤەکان دەبێت خۆیان لەگەل ئەو یاساو ڕێسایانەدا بگونجێنن و دەبێت تێکستەکانی ئەوان هەمیشەیی بێت و واقع بەبەردەوام بەرەو ئەو تێکستانە ببرێنەوە، نەک تێکستەکان دەسکاری بکرین. قسەکردن لەسەر ئەم تەوەرانە و پێداچوونەوەیان زەنگی خەتەرە بۆ دەسەلاتداران. هەردوو دەسەلاتی سیایسی و دەسەلاتی ئاینیش کە لەو کاتەدا هاوپەیمانن بەرەنگاری ئەم جۆرە گۆرانکارییە دەبنەوە، یەکەمیان بە جێبەجێکردنی یاسای دژ بەو گۆرانکاریانە و دووەمیان فەتوای بۆ دەردەکات و شەرعیەتی پێدەدات، چونکە ئەم گۆرانکاریانە هاوکێشەکان دەگۆرێت و دەسەلاتەکانی دەسەلاتدارانیش سەروبن دەکاتەوە. ئەمەیە زەنگی ئەو مەترسییەی کە دەبێت دەسەلاتی سیاسی لە بن چنگی ئەم ئایدیۆلۆژیایە دەربهێنرێت.

لێرەوە دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە بە ئایدیۆلۆژیاکردنی مەعریفەیە، کێشە بۆ دەسەلاتی سیاسی و کۆمەلگاو تاکیش دەخولقێنێت. مەرج نیە ئەو ئایدیۆلۆژیایە ئایینی بێت، دەشێ ئایدیۆلۆژیای نەتەوەییش هەمان گرفت بخولقێنێت. بۆنموونە لە کوردستانی باشوور ئایدیۆلۆژیای نەتەوەییە دەسەلاتی سیاسی بۆ خزمەتی خۆی قۆرخ کردووە ، بەلام ئایدیۆلۆژیای ئاینی کەلتووری بۆ قۆرخ کردووە. ئەم دوو دەسەلاتە ئێستا لە ململانێدان. دەسەلاتە سیاسیەکە دەیەوێت کەلتوورەکەش قۆرخ بکات بەوەی وا نیشان دەدات کە ئەویش دیندارە و دەسەلاتە ئایینیەکەش دەیەوێت ئەوە بسەلمێنێت کە ئەویش کورد پەروەرە. ئیتر کێشەی ڕاستەقینەی مرۆڤ لەم نێوانەدا ون بووە. ئەگەر ئەم کێشەیەش هەر وا بەردەوام بێت، ئەوا ئەم جارەش ڕەنجی نەتەوەی کورد بە با دەچێت.

هۆیەکی تری جیابونەوە گرنگە لەوەدایە کە لە گەل ئالۆزبوونی ستروکتوری کۆمەلگا و ڕێکخستنی ژیان کایەکانیش جیا دەبنەوە. هەموو کایەیەکیش قالبوونی تایبەتی خۆی دەخوازێت و شارەزا بوونی دەوێت. ئەمە ناچارت دەکات کە هەر کایەیەک بۆخۆی سەربەخۆ بێت و دەسەلاتێکی بێ لایەنیش چاودێری هەموویان وەک یەک و بە یەکسانی بکات. چونکە هەر کایەیک لەو کایانە گوزارش لە ئاتاجێکی تایبەتی تاک و کۆمەل دەکات.

## 2- رۆژئاوا ئەزمونێکی دەوڵەمەندی هەیە سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئاین و سیاسەت ،سەردەمانێک ئەم دودەسەڵاتە بەتەواو لەیەکدەسەڵاتدا کۆدەکرانەوەو سەردەمانێکیش لێکجیاکرانەوە ، ئەوئەزمونە چۆن هەڵدەسەنگێنیت وەئایا ئێستە شکڵی ئەو پەیوەندیە لەرۆژئاوا چۆنە؟

ڕاستە ڕۆژئاوا ئەزموونێکی دەولەمەندی هەیە لەو بوارەدا. بەلام ئەم ئەزموونە بەری ڕۆژو دوو ڕۆژ نیە، دەتوانم بلێم بەری سەدان سەدەیە. هەندێک بۆچوون هەیە لە ڕۆژئاودا پێیان وایە کە ئەم خواستی جیابوونەوەیە لە ئەفلاتوونەوە دەستی پێکردووە. چونکە لەو کاتەشدا لە یۆنان دەسەلاتی سیاسی پشت ئەستوور بووە بە چەمکی خوایەتی، هەروەک چۆن سیستەمی حوکمی فیرعەونەکانیش کە خۆیان بە خوا دەزانی. سیستەمی ئەو حوکمە ناوی (تیۆلۆژیای پۆلیتیک)ی لێنراوە. واتە لەپشتی ئەو سیستەمی حوکمەوە تیۆلۆژیایەک کاری کردووە. لەیەکێک لە ڕەخنەکانی ئەفلاتون ئەوەبووە کە ئەگەر خودا

سەرچاوەی چاکە بێت، چۆن ئەم کارە ناڕەوایانە لەو دەوەشێتەوە کە دەسەلاتدارەکانی ئەو سەردەمە بەناوی ئەو خوایەوە حوکمیان دەکرد دەیان نواند. لێرەوە ئەفلاتوون دەیەوێت مرۆڤی ئەو سەردەمە لەوە هوشیارکاتەوە، کە قەیسەرەکان وەچەی خوا نین مرۆڤی ئاسایین و نابێت بەناوی خواوە بدوێن. هەندێکی تریش پێیان وایە کە عیساش ئەو هەولەی داوە دەسەلاتی سیاسی لە دەسەلاتی ئاینی جیاکاتەوە. لەوەلامی پرسیارێکیدا کە لەو کاتەدا چەند جوولەکەیەک ئاڕستەی عیسای دەکەن و دەیانەویست لە ئاست دەسەلاتی سیاسی ئەو سەردەمەدا ئیحراجی بکەن. وەلامەکەی عیسا بەچەشنێک بوو دەیویست ناشەرعیەتی ئەو دەسەلاتەی کە بەناوی خواوە دەدوێت ئاشکرا بکات و لە هەمان کاتدا ڕەخنەی توندی ئاراستەی جوولەکەکان دەکرد سەبارەت بە چەمکی خوایەتی و تێگەشتن لە تەورات. جولەکە و دەسەلاتی سیاسی ئەو ساتە هاوپەیمان بوون، چونکە ئایینی جولەکە لەو کاتەدا توانیبووی خۆی بسەلمێنێت و لەگەل ئاینەکانی تری گریکەکان بە ڕەسمی ناسرابوو. پرسیارەکە بەم جۆرە ئاراستەی عیسا کرا:جولەکەیەک پارەیەکی ئەو سەردەمە کە وێنەی قەیسەری بەسەرەوەبوو نیشانی عیسای داو ،پرسی: ئایا ئێمە گومرگ بدەین بەم حکومەتە کە لای تۆ نا شەرعییە؟ وەلامەکەی عیساش زۆر زبرەکانە دەبێت و دەلێت: (ئەوەی هی قەیسەرە بیدە بە قەیسەر و ئەوەش هی خوایە بیدە بە خوا). لەم وەلامەدا هەندێک بۆچوون پێیان وایە کە عیسا خوا و دەسەلاتی سیاسی لە یەکدی جیا دەکاتەوە. چونەک لای ئەوان وا بووە کە ئەو قەیسەرانە هەر خۆیان نەوەی خوان ئیتر چۆن بەشی خوا بە خوا بدرێ و بەشی قەیسەر بە قەیسەر بدرێت. عیسا دەیزانی چەمکی خودا لە ڕێگەی کەلتوری ئەو سەردەمەوەدادەبەزێتەوە ناو کۆمەلگاو تاکی لەسەر بەخێو دەکرێت. ئەو ویستی ئەو کەلتوورە لە خودا جیاکاتەوە، تا جارێکیتر تاک بە ئاڕاستەیەکی تردا بەرێت. گومان لەوەدا نییە کە ئەم بۆچوونە بۆ ئەو سیستەم سیاسیەی ئەوکات مەترسیدار بووە. موحەمەدیش جۆرێک لەم سیاسەتەی پێوە دیارە کاتێ بانگەوازەکەی بەوە دەست پێدەکات کە دەلێت ئەم خودایەی ئێوە دیپەرستن شەرعی نیە. خودای عەرەبەکانیش لەو کاتەدا بە ناو کەلتورێکی درێژخایەندا تێدەپەری و دەگەشتەوە لای تاکەکان و سەرۆکەکانی عەرەبیش بە پالپشتی ئەو کەلتوورە حوکمیان دەکرد. بۆ ئەوەی تاک ئازادی وەرگرێتەوە، دەبێ ئەو کەلتوورەی بۆ سەروبن بکرێتەوە، ئەویش بەوەی ئەو چەمکی خودایەی لە نەستیدا نیشتووە، سەر بخرێتەوە و بەرەوڕووی هەستی بکرێتەو، تا بەوهۆیەوە جارێکیتر هوشیار بێتەوە. ئەمە جۆرێکە لە پرۆسەی ئەنتی باوان کە لە هەندێک نووسینی ترمدا ئاماژەم پێداوە.

با لەسەردەمی کۆن بێینەوە سەردەمی نوێگەری و ڕۆشنگەری و بزانین لەوێدا چ باسە. لەو سەردەمە کۆنەدا خودا لە سیاسەت جیا کراوەتەوە بەلام دیسانەوە بە ناوی خوایەکی نوێوە ئاینێکی تر دامەزرێنراوەتەوە و پاشان ئەمانیش بوونەتەوە بە ئایدۆلیژیایەکی تر و مرۆڤی لە بیر کردنەوە وەستاندووە. ئەمە بوو مەبەستی من لە وتارێکمدا کە لە گۆڤاری لڤین بلاوکرایەوە دەلێم (ئیسلام لە سەرەتادا خۆڕزگارکردن بووەو لە کۆتادا خۆ بەندکردنە).

لەسەردەمی نوێگەریدا ئاراستەی جیابوونەوەی دەسەلاتی ئاین و دەسەلاتی سیاسی گۆڕرا. ئەم ئاراستەیە فەلسەفە گرتی بەدەستیەوە. چ فەلسەفەی سروشتی یان فەلسەفەی کۆمەلایەتی بووبێت، لەسەر ئەوە کۆک بوون کە دەبێ چێتر دەسەلاتی ئاینی وەک کەنیسە، نابێت دەست بخاتە ناو دەسەلاتی سیاسیەوە و بەو ئاراستەدا بیبات کە لە بەرژەوندی کەنیسەو پاپاکاندا بێت. سێ هۆ پێکەوە بەشداریان کردووە لە درووستبوونی ئەم تەوژمە فەلسەفیەدا. یەکەم گەشەکردنی ئاستی فیکری، دووەم جەنگی نێوان_ئایزاکانی ناو مەسیحی و سێیەم بە هۆی کۆلۆنیالیزمەوە بە ئاینەکانی تری جیهان ئاشنا بوون. ئەمەوای لێکردن کە لەو چەقبەستوویەی چاخی ناوەڕاست ئازاد بن.

فەیلەسوفەکانی سەردەمی مۆدێرنە گەشتنە ئەو دەرەنجامەی کە هەموو مەعریفەیەک، مەعریفەیەکی ئینسانییە. لەوە دەرچوون مەعریفەیەک هی خودا بێت و ئەویتر هی مرۆڤ، مەعریفەیەک ئاسمانی بێت و

ئەویتر زەمینی، مەعریفەیەک پیرۆز و هەمیشەیی بێت و ئەویتر عادی و کاتی بێت. لە گەڵ ئەمەشدا ئینکاری ئەزمونی ئاینی و رۆحی لای زۆربەیان نەکراوە، چونکە ئەو ئەزموونە نرخ و بە های خۆی هەیە و واقیعە مرۆڤ ناتوانێ خۆی لێ هەلە بکات. ئەو مەعریفەیە نیە کە خودا لە شوێنێکی دوورەوە پەیامێک بۆ چەند کەسێکی تایبەت بنێرێت، نەخێر مرۆڤ خۆیەتی عەودالی ئەو نهێنییە و هەر کەسێک جدی بێت بەو ئەزموونە رۆحییە دەگات و ئەم ئەزمونەش بە سەردەم و شوێن و تەمەن و کەلتوورەوە سنورداربووە. خوا بە بۆچوونی ئەوان ئاوا پەیامی خۆی دەگەینێت نەک لە ڕێگەی کتێب ناردنەوە. کەواتە بەم بۆچوونە تاکە ڕێگە بۆ ئەوەی مرۆڤەکانی ئەم دنیایە لە یەکتر تێبگەن دەبێ پەنا بۆ عەقل بەرن تا لەیەکتر تێبگەن، چونکە ئەزموونەکان گشتی ڕێژەیین و ڕەها نین. ئەم بۆچوونە وەلامی پرسیارەکەی تۆی تێدایە گەر بەوردی دیقەت بدەی. کایە جیاوازەکانی مەعریفە یەکسان دەبن بە یەکتر و کەسیان بەسەر ئەویتردا فەزلی نامێنێت. دەبێ دەسەلاتی سیایی چاودێرێکی بێلایەن بێت کە بتوانێ ئەم کایانە وا ڕێکبخات گرفت لە نێوانیاندا نەمێنێت. واتە بە عەقل دەتوانین لە یەکدی تێبگەین و بە چاودێرێکی بێلایەنیش دەتوانین پێکەوە ڕێبکەین و بە مرۆڤکردنی کایە مەعریفیەکانیش دەتوانین لەگەل یەکتر هەلکەین. ئەمە ئەوەناگەینێت کە ڕۆژئاوا بە گشت توێژ و چین و گروپ و تاکەکانەوە گەشتبنەتە ئەم ئاستە و ئیتر هەرچی گرفت لەم بوارانەدا هەیە نەمابێت. نەخێر ئێستاش گروپی ئاینی هەن کە باوەڕیان وایە تەورات و ئینجیل پیت بەپیتی لەلایەن خواوە هاتووە و مرۆڤ بۆی نیە بە موو لێی لابدات. بۆنموونە گروپی شهود یەهوا یەکێکن لەو گروپانەی کە ژمارەیان هەر لە هۆلەندا نزیکەی 30 هەزار کەس دەبن و لە زۆر ولاتانی تریش ژمارەیان لە ژمارەی هۆلەندا کەمتر نیە. بەلام ئەو ئاستە بەرزەی بیرکردنەوە لە مەر ئاین و سیاسەت و پەیوەندی کۆمەلایەتی ئاستێکی بەرچاوە و بۆتە دیاردەش لە ناو ڕۆژئاوادا.دابەزینی ئەو ئاستەی کە فەیلەسوفەکان خوازیاری بوون سەبارەت بە سیستەمی حوکم کە ئێستا ناوی دیموکراسیە نزیکەی پێنج سەدەی خایاندووە، ئەگەر وا دابنێین کە سەردەمی مۆدێرنە واتە رۆشنگەری لە دیکارتەوە دەستی پێکردبێت. پاشان پۆستمۆدێرن دێتە ئاراوە و ڕەهەندی هەست و نەست و خەیال و هونەر و چێژی شیعریش دەخەن سەر ڕەهەندی عەقل کە لای فەیلەسوفی رۆشنگەری نرخی زۆری پێدرابوو. لێرەوە دیسانەوە ئاین بەهای خۆی وەردەگرێتەوە بەلام ئەمجارەیان مرۆڤەکان خودا هەلدەبژێرن نەک خودا کەسێکی تایبەت هەلبژێرێت. هەروەک مێژووی فەلسەفە ئاماژەی پێدەدات، قۆناخی ڕۆشنگەری کە تەرکیزی زۆر لەسەر عەقل بوو بەرەو قۆناخی ڕۆمانتیکی چوو کە هەست و سۆزیش گرنگی خۆی وەردەگرێت. ئەم قۆناغەش وەک دەلێن لە فەیلەسوفی ئەلمانیەوە ( ژۆن هێردەر 1744–1803) وە دەست پێدەکات. کە هەر گرنگی بە ڕەهەندی عەقل نادات بەلکو ڕەهەندی سۆز و خەیال و هونەر و زمانیش دەخاتە ناو ڕەوتی فەلسەفەوە. لێرەوە ئاینیش ڕەوتێکی تر وەردەگرێت.

## 3– ئەزمونی جیهانی ئیسلامی لەم بارە یەوە چۆن هەڵدەسەنگێنیت بەتایبەت لەپاش روخانی عوسمانیەکان و سەرهەڵدانی بزوتنەوە ئیسلامیەکان؟

ئەزموونی جیهانی ئیسلامی لەم بوارەدا بە ئاقارێکی تردا چوو. لەو کاتەی کە ڕۆژئاوا بەرەو ڕەهەندی عەقل دەچوو و مەعریفەکان بە مرۆیی دەکران و ئایین بەرەو ڕێژەیی کردن دەچوو و دەقە پیرۆزەکان وەک دەقێکی هەلقولاوی ناخی تاک و ناو کۆمەلگا دەخوێنرانەوە، هەرلەو کاتەدا جیهانی ئیسلامی زیاتر بەرەو دەق دەچوو و تەنانەت مەعریفە مرۆییەکانیش بەرگی پیرۆزیان وەبەر دەکرا و ئیسلام ڕۆژبەرۆژ دەکرا بە ئاینێکی خاوەن حەقیقەتی ڕەها و نەوە لە پاش نەوە لەسەر ئەم ئایدیۆلۆژیایە گۆش دەکران. ئەم حالەتە کۆمەلگای ئیسلامی توشی بەستەلکێک کرد لە پەل و پۆی خستن. گەڕانەوە بۆلای دەق وەک

دەقێکی پیرۆز و دژایەتی کردنی عەقل هەرلەبەر ئەوەی وەک ئەوان دەلێن کە خوا لە مرۆڤ زاناترە، وەک ئایدیۆاۆژیایەک بالی بە سەر جیهانی ئیسلامیدا کێشا. ئەم دۆخەی بیرکردنەوە زەمینەی بۆ سەلەفیەت خۆش کرد بەو بیانووەی موسلمانەکان بەهۆی عەقلەوە لە رێبازی خوا لایانداوە، بۆیە تووشی شکست هاتوون. رێبازی خوا لای ئەوان بریتیە تەنهاو تەنها لەو دەقانەی لە قورئان و سوننەتدا هاتووە، بۆیە ڕووخانی دوا قەلای خەلافەتی ئیسلامی کە عوسمانیەکان بوون، باشترین بەلگە بوو بە دەستیانەوە بۆ گەرانەوە بەرەو سەلەف. کە من خۆم گەڕانەوە بۆ لای قورئان زانستیانە بێت بەکەمی نازانم، بەلام چونکە ئەم توخمەی ونکردبوو، دەبینی زۆربەی بزافە ئیسلامیەکانی پاش عووسمانیەکان ڕۆحی سەلەفیەت بەسەریاندا زال بووە نەک زانستی. واتە ناتوانن لەدەرەوی دەقی پیرۆز بیربکەنەوە. ئەمە ئەو ناگەینێت کە ئەوان بیرناکەنەوە و عەقل بەکارناهێنن، نەخێر ئەوان عەقلیان بۆ دۆزینەوەی حیکمەتەکانی ئەو دەقە پیرۆزانە بەکاردێنن. خۆ هەمووومان باش دەزانین زۆربەی زۆری ئەو دەقانە ئیمرۆ کە پەیوەندی بە لایەنی مەدەنیەوە هەیە جێبەجێ ناکرێت. لە هەندێ دەقدا دەتوانی پەیامی جوان بدۆزیتەوە و هەندێکیشان ڕووی سەردەمی پێوە نەماوە. ئەوان دلیان هەر بەوە خۆشە کە ئەم دەقانە کوت و مت لەخواوە بێ، چونکە مرۆڤ بە گشتی  لەم حالەتەدا کە بزانێت خودایەک ئاگاداری دەکات هەست بە ئەمان دەکات،. من خۆم ئەم حالەتە دەروونیە بە عەیبەیەک نازانم، بەلام کێشەکە لە خۆگیردانە لەو دەقانەدا و واقع و گۆرانکاری بکرێتە قوربانی دەقەکان. ئەم دۆخە وای کردووە کە موسلمانەکان لە بیرکردنەوەدا سەبارەت بە ئایین بوێر نەبن، چونکە وا تێدەگەن کە خوا غەزەبیان لێ دەگرێت.
هەر بۆچونێک لە چوارچێوەی ئەو دەقانە چووە دەرەوە و لەو چوارچێوەیەدا جێی بۆ نەکرایەوە ئەوە مەترسیەکە و پلانە بۆ جیهانی ئیسلامی دەکێشرێت. لێرەدا پەیامی ڕاستەقینەی بوون و خوا و مرۆڤ ون دەبێت. ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە لەلایەکی ترەوە بچووکردنەوەی خوایە. کە ئێمە دەلێین خوا ڕەهایە ئیتر چۆن دەکرێت ئەو ڕەهایە لە کتێبێکی سنووردااردا گیربدرێت و لەو کتێبەوە نەبێت ئیتر ناتوانی بیناسیت و مامەلەی لەتەکدا بکەیت. بۆ گەردوون خۆی نەبێتە ئەو کێتێبە کراوەیەی بەبەردەوام لەو ڕێگایەوە ئەو نهێنیەی ڕۆژ بەڕۆژ بناسرێتەوە. کتێب پیت و وشە و ڕستە و وتە و گوزارشی مرۆڤە و ئەمە وادەکات گوزارش کردن لەو نهێنیە یان ئەو خوایە سنووردار کات و چەمکی خوایەتیش سنووردار بکات و دەروازەی بیرکردنەوە دادەخات. گەر وانەبێت ئەوا مرۆڤ بێ ئیرادە دەکرێ و لە پەل و پۆ دەخرێت. لەبەر ئەوە ئیسلامی سیاسی بزافێکی تەمەل بوون و ئەو ئایدیۆلۆژیایە ڕاپێچی کردن کە لەسەرەوە باسمان کرد، نەیانتوانی مەعریفەیەکی جەوهەری بەرهەم بێنن و دەستیان دایە پێشبڕکێ لە گەل لایەنە سیاسیەکانی دی. نازانم ئیسلامی سیاسی بۆ ئەو ئایەتانەی بۆ وەبەر هێنانی مەعریفە هانیان دەدات نایان وروژێنێت؟ بەلام ئەگەرلە سەرەتای ئیسلام و ناوەڕاستەکەی وردبیتەوە، مرۆڤەکان چالاک و کارا بوون، بۆیە ئەو هەموو ڕێبازە فەلسەفی و سۆفیگەری و ئایترا و زانستی فیقهی و یاسا و هتد تیا سەری هەلدا ،کە ڕۆژئاوا ئیستاش بە شانازیەوە باس لەو سەردەمە دەکات، چونکە ئایدیۆلۆژیا لەگەل تێپەڕبوونی کات و دابەزینی ئاستی هوشیاری کاریگەریەکەی سەختتر دەبێت. ئەم حالەتە وای کردووە نەتوانن شان بەشانی ڕۆژئاوا هەنگاو بنێن. لەلایەکەوە سەرسامن بە ئەوروپا و لەلایەکی ترەوە سلی لێ دەکەنەوە. ئەمەش مانای ئەوە ناگەینێت کە ئێمەش دەبێت کت و مت وەک ئەوان بکەین، نەخێر چونکە هەر کۆمەلگاو تایبەتمەندی خۆی هەیە، ئەوەی گرنگە لێرەدا چاو لەوان بکەین ئەوەی کە بوێر بین لەبیرکردنەوەدا. ئەو بوێریەیە کە ئیمانوئێل کانت ناوی دەنێت ڕۆشنگەر.

## 4- بیرکردنەوەیەک هەیە پێی وایەناکرێت ئەزمونی رۆژئاوا لەمامەڵکردن لە گەڵ ئاین وئەو ریفۆرمەی لەم ئاقارەدا رویدا بگوازینەوە بۆ وڵاتانی ئیسلامی

## چونکه جیاوازیەکی جەوهەری و بنەرەتی لەنێوان مەسیحیەت و ئیسلام لەلایەک و هەلومەرجی مێژویی لە نێوان رۆژئاوا ولاّتانی ئیسلامیدا هەیە لەلایەکی ترەوە هەیە، تاچەند لەگەڵ ئەم تێزە یەدا ناتەبان یان هاوران.

ئەم بیرکردنەوەیە بە دیوێکدا ڕاستە بەلام کراوە بە ئایدیۆلۆژیایەک و مرۆڤی پێدەتۆقێنرێت و بە دیوێکیشدا هەلەیە چونکە لێکچوون لەنێوان رۆژئاوای مەسیحی و ڕۆژهەلاتی ئیسلامیدا هەیە.
بەو دیوەدا کە ڕاستە ئەوەیە کە نەک هەرتەنها ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات دوو جیهانی جیاوازن، بەلکو هە موو کۆملگایەک و هەموو کەلتورێک تایبەتمەندێتی خۆی هەیەو ناکرێ بەیەک ئەزموندا تێپەرن. تەنانەت ئەزمونی سیاسی و ئەزموونی بە عیلما نی بوون و بە دیموکراسی بوونی ولاتانی خودی ڕۆژئاواش لە یەکتر جیا بوون، چ جای ئەزموونی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا.
بەلام بەدیوەکەیتردا لەیەکچوون زۆرن، لەپێش هەموویەوە ئەوەیە کە هەردوو جیهانەکە مرۆڤن و خواستی مرۆڤانەیان هەیە و وەک مرۆڤ بیردەکەنەوە و دەکۆلنەوە و دەپشکنن. مرۆڤ لە هەرکوێدا بێت پرسیاری هەیە و بە شوێن وەلامەکاندا وێل دەبێت. مرۆڤ سەر بەهەر کەلتوور و کۆمەلگایەک بێت، گرفت دێتە ڕێگای و بۆ چارەسەر دەگەڕێت.
دووەم شت هەردوو جیهانی ئیسلام و مەسیحی دوو حیهانن ئاین ڕۆلی گەورەی تێدا بینیوە و ماویەکی درێژ ئەو جیهانەی کۆنترۆل کردووە. لە هەردوو جیهانەکەدا ئەو ئاینە بۆتە ئایدیۆلۆژیا و مەعریفەی تێدا خەفە کردووە.
سێیەم شت هەردوو ئاینەکە دوو ئاینی یەکتاپەرستین و باس لە خوایەکی بالا دەست دەکەن و بەعەقیدەی ئەوان هەموو ئاینەکانی تر موشرکن و ئەوجا باتلن. هەردوو ئاینەکە باوەڕیان وایە پەیامیان لە خواوە وەرگرتووە، بۆیە دەبێت ئەوانیتر مل کەچیان بن.
چوارەم شت ئەوەیە کە لەناو هەناوی هەردووکیانەوە ئایتراو بزافی فیکری جیاواز دەرهاتووە. جەنگی درێژخایەن لە نێوانیاندا ڕوویداوە. بۆنموونە جەنگی نێوان کاسۆلیک و پرۆتستانت لە جیهانی مەسیحیدا و، جەنگی درێژخایەنی نێوان سووننە و شیعە لە جیهانی ئیسلامدا، کە تا ئێستاش ئەو جەنگە هەر بەردەوامە.
پێنجەم شت بەربەرەکانی کردنی هەموو بیرێک کە لەگەل عەقیدەی باودا یەکی نەگرتایەتەوە بەتایبەتی لەلایەن دەسەلاتدارەوە کە بە پالپشتی زانای ئاینی ناو ئیسلام یان پاپای ناو مەسیحی بەڕێوە دەچوو.
حەلاج و سوهرەوەردی دوونموونەن لەناو ئیسلامدا کە دەبنە قوربانی حەقیقەت، چونکە لە گەل عەقیدەی باوی ئەوکاتەی ئیسلام نەشا ز و نامۆ بوون. بە ناشیرترین شێوە دەکوژرێن. تا ئەو کاتەش فەلسەفە کێشەی بۆ عەقیدە دەخولقاند و سۆفیگەریش لەو سەردەمەدا ئاوێتەی فەلسەف بوو بوو.
بەلام لە جیهانی مەسیحیدا زانستی سرووشتی کێشەی بۆ عەقیدەی باوی مەسیحی خولقاند. عەقیدەی مەسیحی مۆدێلی گەردوونی ئەرستۆتالیسی لێ دەبێتە پیرۆز و لەسەر ئەو باوەڕە جیهانی مەسیحیان پەروەردە کردبوو. لە ناو مۆدێلی گەردوونی ئەرەستۆتالیسدا زەوی لە ناوەڕاستی گەردوندا وەستاوە و تەنە ئاسمانیەکان گشتیان بەدەوریدا دەسوڕێنەوە . یەکەم کەس ئەم مۆدێلە هەلدەوەشێنێتەوە زانی سرووشتی کۆپەرنیکۆس بوو. پاشان زانای سرووشتی گالیلۆ گالیلی بە تەلەسکۆب ئەمە دەسەلمێنێت و هێیچ بواری بەرگری لەلایەن پاپاکانی کەنیسەوە نامێنێت. بەلام لە ژێر سانسۆری کەنیسەدا لەم بۆچوونەی پاشگەز دەبێتەوە و دوا جار لەسەر ئەم جۆرە بۆچوونە زانستیانە زانای تر دەکوژرێن و ئەشکەنجە دەدرێن.

ئەوەی کە ماوە و جیهانی ئیسلامی لەسەری سوورە ئەوەیە کە مەسیحی ئاینێکە پەیوەندی بەدنیاوە نیە و ئاینێکی ڕۆحیە. ئەم بیانووە هیچ پەیوەندیەکی بە زەمینەی واقعەوە نیە. ئەی نزیکەی دووهەزارسال کێ ولاتانی ڕۆژئاوای بە ڕێوەدەبرد. ئەم بەڕێوەبردنە باسێکی درێژە و لێرەدا ماوەی نیە لەسەری بدوێین.
ئەو سێ هۆیەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا کە بەشدارییەکی کاریگەری بووە لەسەر دامەزراندنی نوێگەری و پاشان بۆ جیاکردنەوەی دەسەلاتی سیاسی و دەسەلاتی ئاینی ڕێگەی خۆشکرد، وا ئێستا لە جیهانی ئیسلامیشدا ئامادەیی هەیە، بەلام وەکار نەخراوە. ئەوانیش: گەشەی فیکری، جەنگی ئایزاکان و ئاشنا بوون بە ئاینەکانی تر.
بەکورتی لای ئێمە کایەکان تێکرا تێکەل و پێکەلن. کایەی ئاین و کایەی سیاسەت سیماکانیان دیار نین. تا هەر کایەیەک سیماکەی دیار نەبێت ناتوانی لە کایەیەکی تری جیاکەیتەوە. لێرەوەیە کە دیموکراتیش ناتوانێ فۆرمی تایبەتی خۆی وەرگرێت.

ئازاد قەزاز 2006-12-30